# جۆن لۆك

(١)*

شاسوار



جـۆن لـۆك ,فەیلـە سـوفی ئینگلیزیوتیۆریستی سیاسـیو دامەزرێنـەری تیـۆری(ئەزموونگـەری) لـە سـاڵی(١٦٣٢ ) لــە دایــك بــووەو لــە ســاڵی (١٧٠٤)كۆچی دوایی كردووە. پاش تـەواو كردنـی كۆلیـژی پزیشـكی ,جـۆن لـۆك , بۆتـە پزیشـكی تایبـەتی سـێر(ئـیرل شـا فتـیس بـوری) ,پاشـان هەردووكیان بۆ ماوەی چوارساڵ چونەتە فەرەنسا و لـەوێ جـۆن لـۆك ماوەیـەكی باشـتری بـۆ ڕەخسا بۆخوێندنـــەوەو دیراســـەكردنی فەلســـەفەی ئەوروپیوبە تایبەتی سوكرات.

جۆن لۆك بەدرێژە پێدەری ڕێبازی فەلسـەفی (باكۆن) دادەنرێتـو لـە زۆربـەی نووسـینەكانیدا جـەخت لەسـەر پەیوەندینێوان(بیروبابەت دەكاتەوە). گرنگترین كتێبی سیاسی جۆن لۆك لە ساڵی (١٦٩٠) دەركەوت بە ناوی " دوو پـەیمانی حكومـەت (Two Treaties Of the Government) لـەو كتێبـەیدا جـۆن لـۆك جەخت لەوە دەكاتەوە كە سەرەكیترین ئـەركی حكومـەت "پاراســـتنی مـــافی سروشـــتی هاوڵاتیەكانیـــەتی, بەتایبەتی مافی موڵكداری تایبەتی" هەروەها لـۆك پێی وایـە"گونجـانی كۆمەڵایـەتی نێـوان ئەندامانیكۆمـەڵگا دەبێتـە هـۆی بەرقەراربوونیدەسەڵاتییاساو هێنانـەدی بەختـــەوەری لـــە كۆمـــەڵگادا. جگـــە لـــە بۆچـــوونە سیاسیەكانی, جۆن لۆك, بۆچوونە پەروەردەییەكانی لە كتێبـی(چـەند تێزێـك دەربـارەی پـەروەردە (Some Thoughts about Education)بەرامبـەر تـاك و كۆمەڵگا دەخاتە ڕوو.لە ما وەی جەنگی سەر بەخۆیی ئـەمریكادا جـۆن لـۆك بـووە خوێنـدەوارترین بیریـاری سیاسـی لـە نێـوان ڕۆشـنبیرانی ئـەو دەمـی ئـەمریكادا . بەمـەش جۆن لـۆك بـووە مـەزنترین بیریـاری سیاسـی لـە نێوان سەدەی حەڤدەو هەژدەدا.

***ئەم گۆشەیە هەرجارەی فەیلەسوفێك دەناسێنێ.**